## پاناسۆنیک و کامێـــــ




تەکنەلۆژیای دیجیتالی پێشـــکەوتنەکەی ئەوەندە خێرایە کـــە ئەو ئامێـــرە دیجیتالییە نوێیانەی لە بـــازاڕ دەبینین، ســـاڵێکی دیکە دەبنە ئەرشـــیف و بە کۆن ســـەیر دەکرێن. کامێرای دیجیتالی لەم دووســـاڵەی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچـــاوی بەخۆوە دیوە، یەکێك لە کۆمپانیا ناســـراوەکانی بەرهـــەم هێنـــی کامێـــرای دیجیتالی کـــە مێژووییەکی لەمێژینەی هەیـــە کۆمپانیای پاناســـۆنیکە، کۆمپانیای ناوبراو لـــەم دواییەدا نوێترین کامێـــرای دیجیتالی خۆی خســـتە بازاڕ کە بە جۆری lumix DMC-G7 ناســـراوە و



## دەستبەندێکی هۆشمەند

لـــەو ســـەردەمەی کـــە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێیدا دەژی، راســـتە حەســـانەوەی جەستە باشە و هەر ئەوەش مرۆڤی تەمبەڵ کردووە و هەزار دەدەرســـەری رۆحی بۆ پێکهێناوە، وای لێهاتووە کە ناچارە پشت بە تەکنەلۆژیا بســـپێرێ بۆ ئەوەی کەی حەسانەوەی رۆحی بداتێ و لە پەشێوی و ئاڵۆزی دەروونی کەم بکاتەوە.

مەچەکبەندی هۆشمەندی Wellbe بۆ ئەوە بەرهەم هاتووە کە رێژەی لێدانی دڵ بگرێت و ئەو هەلومەرج و شوێنە هەڵبسەنگێنێ کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو ئاڵۆزییە رۆحییە، بۆ روونکردنەوەی



## پێڵاوی هۆشمەندی دیجیتالی

کۆتاییەکانـــی مانگی رابردوو، بۆ کۆمپانیـــای Lenovo خەرمان بەرەکەت بوو، چونکە چەندین ئامێری نوێی دیجیتالی خســـتەبازاڕەوە کە یەکێکیان ئامێری L-novo VR goggles بوو. ئەو ئامێرە هێدســـتێکی پەلاستیکییە و مۆبایلی لەسەر دادەندرێ و بەهۆیەوە دەتوانی فیلمەکان بەشـــێوەیەکی واقیعی ببینی. جگە لەو ئامێرە، پێڵاوێکی هۆشمەندیشـــی خستە بازاڕ کە بە هۆیەوە دەتواندرێت لەســـەر دابەزندانی کێش و وەرزشـــکردن زانیاری وردت بداتێ. بۆ نموونە پێوانی مەودای رۆیشـــتوو، ژماردنی هەنگاوەکان و رێژەی سووتاندنی کەلۆری و لێدانی دڵ و...تاد. تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشـــی پێڵاوە هۆشمەندەکە بوونی شاشەیەکە لەسەر پێڵاو کە و هەستی بەکارهێنەرەکـــەی وەك ماندووبوون، بێزاری و شـــادی و خۆشی نیشان دەدات.



## سرای دیجیتالی تایبەت

بە کوالیتی K4 فیلم هەڵدەگرێتەوە. کامێرای ئاماژە پێکراو بێ ئاوێنەیە و لە ریزی micro four thirdەکانە. زۆربەی تایبەتمەندییەکانی وەك کامێرای زۆر پێشکەوتووی GH4 دەچێت. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە لە شوێنێك کە رووناکییەکی ئەوتۆشی نییە وێنە بە کوالیتی روون دەگرێت. هەروەها زۆر بە روونی وێنەی ئاسمان و ئەستێرەکان لە شەودا دەگرێت..تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی ئەوەیە کە فیلم بە کوالیتی k4 دەگرێت. فیلمەکە ئەوەندە روونە دەڵێی لە پشت پەنجەرەیەکی روونەوە سەیری دەرەوە دەکەی.



## پادی ماوسیش گۆڕانکاری بەسەرداهات

پادی ماوس لە تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت، ئەوەی پێی دەڵێن نوختەی پاش فاریزەی هەر راست وایە، چونکە ئەو گرنگیەی نییە، پادی ماوس ئەو پارچە پلاستیکەیە کە لە ژێر ماوس دادەنرێت و بۆ ئەوەی کە ماوسەکە بە ئاسانی جوڵە بکات سوودی لێدەبیندرێت. کۆمپانیای (رێزەر) کە هەردەم بەدوای داهێنانی سەیردا دەگرێت جۆرێك لە پادی ماوسی بەناوی Fire fly بەرهەم هێناوە کە بە زیاتر لە 16 ملیۆن رەنگ خۆی نیشان دەدات. بەهۆی کێبڵێکی USBیەوە لە کۆمپیوتەرەکە دەخرێت و وزەی گۆڕینی رەنگەکان لەو وەردەگرێت. پادەکە بە ئارەقە و تەڕبوون تێکناچێت و هەمیشە وەك خۆی دەمێنتێەوە.



## ئارامیت پێ دەبەخشێت

زیاتر، تۆ حەزت لە چارەی یەکێك نایەت و ئەگەر لەلات بێت تووشی ئاڵۆزی رۆحی دەبێت، مەچەکبەندەکە هەرکە هەستی بەوە کرد ئەو کەسە لەلاتە پێت رادەگەیەنێ کە بەهەرجۆرێك دەکرێت لەو شوێنە دووربکەوە. هەروەها پێت دەڵێت چ رێگایەکی دیکە وەك وەرزش کردن، جوڵەی زیاد بکەی بۆ ئەوەی کە سترێست کەم بێتەوە. ئەگەر هەستیشت بەوە کرد کە ئارام بوویتەوە، دەتوانی دوگمەیەك دابگری و پێی رابگەیەنێ کە حاڵەتی رۆحیت نۆرماڵە. ئامێرەکە لە چێوپەمۆ دروست کراوە و هەر بۆیە کێشی زۆر کەمە.

## کاتژمێرە زیرەکەکە جیاوازە لەوانی دیکە




کاتژمێری هۆشمەند واتە (واچ سمارت)ەکان ئێستا شوێنی خۆیان لە جیهانی دیجیتالی سەردەمدا کردۆتەوە، زۆربەیان لە خزمەت تەندروستی جەستەیی بەکارهێنەرەکانیاندا و و هێماکانی ژیان، وەك لێدانی دڵ، زەخت، سوتاندنی کالۆری، پێوانی رێگای رۆیشتوو، ژماردنی ئەو قادرمانەی بەسەری کەوتوویە...تاد نیشان دەدەن. هەندێکیان دەتوانن وەك مۆبایل سوودیان لێ ببینرێت. هەر رۆژە کاتژمێرێکی نوێ بە تایبەتمەندییەکی نوێترەوە دەکەوێتە بازاڕ، یەکێك لەو کاتژمێرانە، کاتژمێری جۆری rewalte کە جیاوازترە لەوانی دی کە، چونکە بەرلەوەی کاتژمێر بێت، هاردێکی کلۆد واتە مەجازییە. هاردی مەجازی بەو هاردانە دەگوترێت کە داتاو فایلەکان لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگرن و لە هەر شوێنێك پێویست بێت دەتوانی سوودیان لێوەربگری، وەك سیستەمی dropbox یان گوگل درایف. کاتژمێرە هۆشمەندەکەش بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە بە مۆبایل دەبەسترێتەوە و داتا و دوکیۆمێنتەکان لەخۆیدا خەزن دەکات. جگە لەو تایبەتمەندییەش دەتوانی گۆرانییەکانیش لەسەر کاتژمێرەکە گوێ بدەیە و توانای بڵاوکردنەوەی فایلی ڤیدیۆیشی هەیە.

# پرۆگرامێک بۆ دانان و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی مۆبایل



سیستەمی ئەندرۆید جێگەی خۆی گرتووە و زۆربەی خەڵکی جیهان ئەو سیستەمە و مۆبایل تەبلێتی تایبەت بەو سیستەمە بەکار دێنن. لە ڕاپرسییەکدا دەرکەوتووە کە 75%ی خەڵکی جیهان سوود لە سیستەمی ئەندرۆید وەردەگرن. چەند پرۆگرام هەن کە ئەرکیان ڕێکخستن و دانانی پرۆگرامەکانی ئەندرۆیدە. پرۆگرامی mobogenie یەکێکە لەو پرۆگرامانە. پرۆگرامی ناوبراو بە شێوەیەکی گرافیکی سەرنجڕاکێش کاری ڕێکخستنی پرۆگرامەکان دەکات، بەك ئاپ گرتن، پەیوەندی بە ئینتەرنێت، ڕێکخستنی پەیوەندی و کورتە پەیامەکان، ڕێکخستنی پرۆگرامەکان، گواستنەوەی داتاکان لە مۆبایلەوە بۆ سیستەم و بەپێچەوانە، دانان و ڕێکخستنی یاری و پرۆگرام بە (mobogenie) بە ئاسانی ئەنجام دەدرێن.



# شاشەیەکی تایبەت بۆ نەخشەسازان

کاری نەخشەسازی و گرافیك پێویستی بە وردبینی زۆر هەیە، چ نەخشەسازی ڕۆژنامە بێت، چ گرافیکی تەلەفزیۆنی یان نەخشەی ئەندازیاری...تاد، بۆیە پێویستە کۆمپیوتەر و شاشەی زۆر بەهێز بەکار بێنن کە بتوانن وردەکارییەکانیان بە جوانی ببینن..کۆمپانیای ASUS زنجیرە مۆنیتۆرێکی بەرهەم هێنا کە بە proArt ناسراون و تایبەتە بە ئەرکی نەخشاز و گرافیستەکان. یەکێك لەو شاشانە جۆری PA328Qیە و شاشەکە 32 ئینجە. چونکە مۆنیتۆرەکە بۆ دیزاینەرەکان بەرهەم هاتووە سیستەمێکی لەسەرە کە بە Eey care ناسراوە و ئەم سیستەمە وا دەکات لەکاتی کارکردندا هیچ زیانێك بە چاوی بەکارهێنەر نەگات. مۆنیتۆرەکە هەم تەلەفزیۆنە و هەم شاشەیەکە کە گشت جۆرە ئامێرە دیجیتالییەکان وەك کامێرا، مۆبایل تەبلێت، کۆمپیوتەری لێ پەیوەند دەدرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆنیتۆرەکە ئەوەیە کە دەبێتە چەند بەش و بۆ ئەوەی کە لە دوو سەرچاوەوە داتا وەربگری، بۆ نموونە لە یەك کاتدا دەتوانی وێنەی سەر مۆبایلەکەت و لاپەڕەی دیزاینەکەت بکەیەوە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، گشت ئەو پرۆگرام و یاریانەی لە ئینتەرنێت وەریان دەگرم لەسەر میمۆری خودی مۆبایلەکە خەزن دەبن، ئایا چۆن ڕێگایەك هەیە بۆ گواستنەوەی پرۆگرامەکان بۆ سەر میمۆری کارت بۆ ئەوەی میمۆری مۆبایلەکەم پڕ نەبێت؟**

خوێنەری بەڕێز بەڵێ ڕێگا هەیە، لەسەرەتادا بەشی ڕێکخستنی فایلەکان یان ئەوەی پێیدەگوترێت FILE MANAGER یان ناوێکی وەك MY FILESی هەیە بکەوە، لەبەشی فایلەکاندا فۆلدەرێك هەیە بەناوی ANDROID » DATA » COM بدۆزەوە، لەوێدا گشت ئەو پرۆگرام و یاریانەی داتبەزاندوون دەبیندرێن، بە ئاسانی بیانگوازەوە بۆسەر میمۆری کارت.

# سپیکەر، یان ستریۆیەکی دیجیتالی؟



کۆمپانیای LG لەم دواییەدا نوێترین سپیکەری خۆی خستە بازاڕەوە کە دەکرێت وەك ستریۆیەك سوودی لێوەربگری. سپیکەرەکە دەتوانی تەنیا بە داگرتنی دوگمەی google catst گۆرانی و مۆسیقا لە ئینتەرنێت و لە سایتەکانی google play, PA- DORIA, NRR, deezer وەربگری. سپیکەرەکە لە یەك کاتدا لەگەڵ چەند ئامێر پەیوەند دەدرێت. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت، تەنانەت دەتوندراێت هەر بڵندگۆیەك لەگەڵ ئامێرێکی پەیوەند بدرێت، بۆ نموونە لە یەك کاتدا دوو سەرچاوەی دەنگت هەبێت. هەتا نۆ کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت.



# کۆمپیوتەر و کامێرای سێ رەهەندی

یەکێك لەو رەخنانەی لە کۆمپیوتەری سەرمێز دەگیرا ئەوەبوو کە بۆچی دەبێت پارچەکانی بە جیا بن، واتە کەیس بە جیا و مۆنیتۆر بەجیا و سپیکەر و پارچەکانی دیکە بە جیا.. چەند ساڵێکە کۆمپیوتەر بەرەو یەکپارچەیی بوون رۆیشتووە. لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئاسۆس کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بەناوی Z240Ic خستەڕوو کە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کۆمپیوتەری IMACای کۆمپانیای ئەپڵ. کۆمپیوتەرەکە شاشەی 23.8 ئینجە، کامێرای سێ رەهەندی تێدایە تاکو بەهۆیەوە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر بکەی، بۆ نموونە ئەگەر دەستت بۆ لای چەپ بەری، کۆمپیوتەرەکە کردارێك ئەنجام بدا و ئەگەر بۆ سەرەوە و خوارەوە و لای راستی بەری کردارێکی دیکە واتە بۆ هەر جوڵەیەك کردارێك ئەنجام بدات. رامی کۆمپیوتەرەکە 32 گیگابایتە کە ئەمە نیشانەی بەهێزی کۆمپیوتەرەکەیە. کارتی گرافیکی 4 گیگابایتە. گواستنەوەی زانیارییەکان لەم کۆمپیوتەردا 10 گیگابایت لە چرکەیەکدایە.




زۆر جار وێنەیەکتان دیوە کە وێنەکە بە دەق و نووسین دروستکراوە. رەنگە ئەو پرسیارەت بۆ بێتە پێش، چۆن دەکرێت وێنەیەك تەنیا بە دەق دروست بکرێت. پرۆگرامگەلێك هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، جگە لەوەش سایتی http://lapin-bleu.net/software/textorizer/ بۆ ئەم مەبەستە دانراوە، کاتێك سایتەکە دەکەیەوە، سێ جۆری وێنەی بژاردەت دەداتێ، دواتر لە بۆکسێکدا ئەو تێسکتە دەنووسی کە نیازتە وێنەکەت بەو شێوەیە بێت، دواتر وێنەیەکی خۆت دادەبەزێنیتە سەر سایتەکە و ئەوکات بە کلیکێك وێنە دەقییەکە دروست دەبێت.